# ڕێبەری زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی

زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی

جامعة التنمية البشرية

UNIVERSITY OF HUMAN DEVELOPMENT

www.uhd.edu.iq

**سلێمانی**

شاری سلێمانی یەکێکە لە شارە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان کە بە پایتەختی رۆشنبیری و کلتوری کوردستان دادەنرێت. ئەم شارە دەکەوێتە باکوری شاری بەغدا وە بە دوری 358 کیلۆمەتر و لە هەمانکاتیشدا دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر وە بە دوری 200 کیلۆمەتر. شاری سلێمانی دەورەدراوە بە زنجیرەیەک چیا و بەرزایی کە ئەوانیش پێکهاتوون لە زنجیرە چیاکانی ئەزمەڕ و گۆیژە و قەیوان لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە و وە هەروەها چیای بەرانان لە باشورەوە و بەرزایەکانی تاسڵوجە لە ڕۆژئاواوە. کەش و هەوای ئەم شارە بەگشتی نیمچە وشکە بە شێوەیەک کە هاوینێکی گەرم و وشکی هەیە لە گەڵ زستانێکی سارد. ئەم شارە لە ساڵی 1784 دا دروستکراوە لە لایەن ابراهیم پاشای میری بابانەوە کە بەناوی سلێمان پاشای باوکییەوە ناوی ناوە، بۆیە ئەم شارە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بوتە پایتەختی میرنشینی بابان لەساڵی 1784 ەوە تا ساڵی 1850..

لە ئێستادا سلێمانی یەکێکە لە شارە مۆدێرنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە خاوەنی چەندەها ئوتێل و مۆتێل و سوپەر مارکێت و مۆڵ و پارکە و وە دیارترین شوێنی ئەم شارە بریتییە لە مەیدانی ئازادی کە بە سەرای سلێمانی ناسراوە و دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەوە. سلێمانی توانیویەتی ببێتە شوێنی چەندەها زانکۆ و ڕێکخراوی پەروەدەیی کە ڕۆڵی باشیان هەبووە لە گەشەسەندنی ئەم شارەدا.هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە وەک پایتەختی میرنشینی بابان تا ئێستا گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە بینیوە و لە ئێستادا بۆتە شارێکی گەورە کە خاوەنی 1،500،000 دانیشتوانە و لە هەمان کاتیشدا بۆتە ئابورییەکی گرنگ بۆ ناوچەی شێوەزاری سۆرانی..

گەشەکردنی شێوەزاری سۆرانیش وەک زمانێکی ئەدەبی مۆدێرن لەم ناوچەیەدا لە شاری سلێمانیەوە دەستیپێکرد کاتێک شاعیرە کوردەکان بەرهەمەکانیان بەم شێوەزارە بڵاو دەکردەوە، وە لە بەناوبانگترین ئەو شاعیر و نوسەرانەی پەروەردەی ئەم شارەن بریتین لە ( نالی و پیرەمێرد و محمد امین زیرەک و عبدالله گۆران و محمد صالح دیلان و احمد هەردی و ابیراهیم احمد و شێرکۆ بێکەس و زمناکۆ بورهان قانیع و بەختیار عەلی). هەبوونی ئەم ژمارە بەرچاوە لە نوسەر و ڕوناکبیران وای کردووە کە سلێمانی ببێتە شارێکی کراوەی ئازادیخوازی بە بەراور بە شارەکانی تری کوردستان و عێراق..

لە ڕووی جوانی سروشتیشەوە دەریاچەی دوکان و دەربەندیخان بە گرنگترین شوێنە سەرنجڕاکێشەکانی پارێزگای سلێمانی دادەنرێت کە گەشتیارێکی زۆر بۆخۆیان ڕادەکێشن و ئەم دوو دەریاچەیەش دروستبووی دوو بەنداون کە لە ساڵانی پێشوی سەدە ڕاردووا دروستکراون. .

زمان: کوردی زمانی دایکە

عەرەبی – ئینگلیزی

ئاین: ئیسلام – کریستیان

دراو: دیناری عێراق – دۆلاری ئەمەریکی

بۆنە و پشووەکان:

جەژنی قوربان، جەژنی ڕەمەزان، جەژنی نەورۆز، جەژنی سەری ساڵی زاینی، جەژنی سەری ساڵی کۆچی، 10ی مانگی موحەرەم کە تایبەتە بە مۆسوڵمانان، لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام محمد (د.خ)، ڕۆژی جیهانی کرێکاران، 16ی مارس (یادی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە)، 11ی مارس/ ئازار ( بەیانامەی 11ی ئازار تایبەت بە ئۆتۆنۆمی کوردستان..)

کاتی کارکردن لە دامودەزگاکان:

هەفتانە 5 ڕۆژ لە کاتژمێر 8 ی سەرلەبەیانیەوە دەوامی فەرمی لە سەرجەم دامودەزگاکان دەست پێدەکات و تا کاتژمێر 3ی پاشنیوەڕۆ بەردەوام دەبێت، وە ڕۆژانی هەینی و شەممانیش پشووی فەرمییە لە زۆربەی دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەتدا..

شوێنەوار:

1- ئەشکەوتی جاسەنە

2- ئەشکەوتی قزقاپان

3- گوندی چەرمۆ

4- قەڵای پاشا کۆرە

5- شاخی نارەمسین

6- ئەشکەوتی پالی گەورە-قەرەداغ

7- بەردە قارەمان

8- ئەشکەوتی هەزار مێرد

9- ئەمنە سورەکە

چەند شوێنێکی گەشتیاری سروشتی

گەشتوگوزار:

1- دوکان

2- سەرچنار

3- احمدئاوا

4- سەرگەڵو

5- چاڤی لاند

6- پارکی ئازادی

7- مێرگەپان

8- سیتەک

9- زێوێ

10- کونەماسی

11- دێ لێژە

12- دەربەندیخان

13- هەڵشۆو هێرۆ – قەڵادزێ

14- بێتواتە

15- تەوێڵە و بیارە

16- تونی بابا – گەرمیان

17- چاوگ و گوڵان

چەند شوێنێکی شاری سلێمانی

1- قەیسەری نەقیب

2- سەرشەقام

3- صابونکەران

4- مەڵکەندی

5- کانی ئاسکان

## زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی

زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی زانکۆیەکی قازانج نەویستە لەلایەن پرۆفیسۆر (د.علی قەرەداغی) دامەزراوە و لە ساڵی خوێندنی (2008-2009 ) دا دوای وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سێ کۆلێج دەستی پێکردووە ، ئەوانیش کۆلێجی )یاسا و ڕامیاری ،کۆلێجی زمان ، کۆلێجی زانست و تەکنەلۆجیا( بوون ،لەم کۆلێجانەدا سەرجەم ژمارەی خوێندکاران (384) خوێندکار بوون کەبەسەر چواربەشدا دابەشبوون بەڵام ئەمڕۆ زانکۆ چوارکۆلێجی هەیە کە هەژدە بەشی لەخۆگرتووە و ، ئەوانیش بریتین لەبەشەکانی یاسای بەیانیان و ئێواران و زانستە ڕامیارییەکان و دیبلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە کۆلێجی یاسا و ڕامیاری ، بەشەکانی زمانی ئینگلیزی بەیانیان و ئێواران و زمانی عەرەبی بەیانیان و ئێواران لە کۆلێجی زمان ، هەردوو بەشی زانستی کۆمپیوتەر بەیانیان و ئێواران و هەردوو بەشی ئای تی بەیانیان و ئێواران لە کۆلێجی زانست و تەکنەلۆجیا ، بەشەکانی زانستی دارایی و بانکی بەیانیان و ئێواران و ژمێریاری بەیانیان و ئێواران و کارگێری کار بەیانیان و ئێواران لە کۆلێجی کارگێر و ئابووری ،بەو جۆرە ژمارەی قوتابیان و خوێندکارانمان لە زانکۆدا بۆ ئەمساڵی خوێندنی (2015-2016) نزیکەی(5000) پێنج هەزار خوێندکار دەبێت و بەو پسپۆڕیانەی کەباسکران..

لە ئێستادا زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی خاوەنی دوو کەمپە ، کەمپی یەکی قەرەداغ و کەمپی دووی بناری گۆیژە و لەمساڵدا زیاتر لە (80) هۆڵی خوێندن هەیە، جگە لە سەنتەرێکی توێژینەوە و ڕاهێنان و دوو کتێبخانە و دوو یاریگای وەرزشی و دوو کافتریا و دوو مەڵبەندی تەندروستی و زیاد لە (50) ژووری کارگێری .لەپاڵ پرۆسەی خوێندندا لە زانکۆکەماندا زەمینە سازکراوە بۆ بەهرەکانی تری قوتابیان و خوێندکاران بە جۆرێک کە چەندین یانەی چالاکی جیاجیا لە زانکۆدا هەیە ئەوانیش (یانەی هونەر ،مۆسیقا،تۆپی پێ،تۆپی سەرمێز ،وەرگێران،هوشیاری یاسایی ، هۆشیاری تەندروستی ، شانۆ ...هتد) و ساڵانەش بۆ هاندانی ئەو بەهرانە چالاکی و کێبرکێ لە زانکۆ ئەنجامدەدرێت و لەبەر ئەوەی زانکۆکەمان زانکۆیەکی قازانج نەویستە ئەو چالاکیانە و زۆربەی چالاکیەکانی تریش کە لە دەزگاکانی تری زانکۆدا بە

ئەنجام دەگەیەنرێت بێ بەامبەرە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە زانکۆ لەگەڵ دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەئاهەنگی کردووە بۆ خزمەتی پرۆسەی پەروەردە و خوێندن و چەندین چالاکی لەگەڵ بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی و هەندێک لە فەرمانگەکان و کۆمپانیاکانی سنوری شاری سلێمانی ئەنجامداوە و بە هەموو ئەمانە دەمانەوێت زانکۆ و کۆمەڵگە پێکەوە گرێبدەین..

لەم حەوت ساڵەی تەمەنی زانکۆدا چەندین ۆرک شۆپ و پێشانگەی زانستی بەردەوام ئەنجام دەدرێن و تائێستاش دوو کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی ئەنجامداوە و لەم ساڵیشدا (2016) کۆنفرانسێکی تری زانستی بەئەنجام دەگەیەنێت و بە بەردەوام هەفتانە لە کۆلێجەکان سیمناری زانستی ئەنجام دەدرێت.

هەر لەسەرەتایی دامەزراندنیەوە زانکۆ بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کارەکانی بە ئەنجام گەیاندووە. هەر لە ڕوانگەی کارکردن بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەت زانکۆمان پرۆسەی دڵنیای جۆری و زانستخوازی بەردەوامی لەسەرەتاوە ئەنجامداوە و بەکارێکی گرنگی دەزانێت کە هەمیشە لە نوێبوونەوەدا بێت و ئاگاداری دوا تەکنیکی بەرەو پێشچوونی پرۆسەی خوێندندا بێت.

زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی لە پرۆسەی ڕیزبەندی نیشتمانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا لە گروپی پێشەوەی زانکۆ تایبەتەکاندا بوو.

لەم زانکۆیەدا ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران بەبێ بەرامبەر دەخوێنن وەک خوێندکارانی کوردانی خۆرئاوای سوریا کە ژمارەیان لە سەد و خوێندکار زیاترە و بۆ هەموو ساڵانی خوێندنیان زانکۆ کورسی خوێندنی بێبەرامبەر بۆ دابین کردوون.

لەلایەن زانکۆ وە بۆ مناڵانی شەڕی دژی داعش پەنجا کورسی خوێندن و بۆ شەهیدان و ئەنفالیش پەنجا کورسی خوێندن دابینکراوە ئەمە سەڕەرای ئەوەی کە خوێندکارانی کەمدەرامەت بە بڕێک یان هەموو پارەکەیان لێخۆشبەەنیان بۆ دەکرێت .. هەروەها بەمەبەستی هاوکاریکردنی خوێندکاران و قوتابیان لەسەرئاستی هەر قۆناغێک لە بەشەکانی سەرجەم کۆلێجەکان لێخۆشبوون بەڕێژەی (100%)بۆ خوێندکارە یەکەمەکان و (50%) بۆ دووەمەکان و (40%) بۆ سێ هەمەکان جێبەجێدەکرێت و(25%) بۆ ئەوانەی کە بەپلەی باڵا دەردەچن گەر لە ڕیزبەندی پێشەوەشدا نەبن . هەروەها زانکۆ اەسەر ئەرکی خۆی چەندین کتێبی بە چاپ گەیاندووە.

## خزمەتگوزاری ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی

هەرلەسەرەتای دروستکردنی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییەوە، کە یەکێک لە خەونە گەورەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمیندارێتی بریتی بوو لە خزمەتکردنی کۆمەڵگای کوردی بەڵام ئەمجارەیەن لە ڕووی ئەکادیمیەوە ، بۆیە ئێستا خەونەکە بوەتە ڕاستی و ساڵانە دەیان و سەدان خوێندکار سودمەند دەبن لەو سکۆلەرشیپانەی کە پێیان دەبەخشرێت و جێ بەجێدەکرێت بۆ هەر چوار ساڵەکەی خوێندن لە ڕێگەی پلان و پرۆگرامە جیاوازەکانەوە کە هەڵقوڵاوی دڵسۆزی و وەفاداری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییە بۆ کۆمەڵگەی کوردی.

یەکەم: ئەو سکۆلەرشیپانەی کە زانکۆ بەخشیوێتی.

یەکەم: سکۆلەرشیپی سەرکەوتن.

دووەم: سکۆلەرشیپی ئەنفال و جینۆساید.

سێیەم: سکۆلەرشیپی ڕەنجی شەهیدان.

چوارەم : سکۆلەرشیپی خوێندکارانی سوری.

پێنجەم: سکۆلەرشیپی شەهیدان و پێشمەرگە.

شەشەم: سکۆلەرشیپی قەرەداغی.

حەوتەم: سکۆلەرشیپی کەم دەرامەتان.

*یەکەم: سکۆلەرشیپی سەرکەوتن*

ئەم سکۆلەرشیپە بۆ ئەو خوێندکارە سەرکەوتوانەیە لەبەش و کۆلێجەکانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، وەکو هاندانێک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و دروستکردنی کێبڕکێ ی زانستی لە نێو خوێندکاراندا، بەم شێوەیە 100% لێخۆش بوون بۆ یەکەمەکانی هەر قۆناغێک، 50% لێخۆشبوون بۆ دووەمەکان،و لە 40% لێخۆشبوون بۆ سێیەمەکان، کە ساڵانە نزیکەی 170 خوێندکار لەم زەماڵەیە سودمەند دەبن.

*دووەم: سکۆلەرشیپی ئەنفال و جینۆساید*

ئەم سکۆلەرشیپە بۆ ئەو خوێندکارانەیە کە خێزانەکانیان بەر شاڵاوی ڕەگەزپەرستی جینۆساید کەوتون لەسەردەمی ڕژێمی پێشودا، بەڕێژەی لە50% لێخۆش بوون بۆ کرێی خوێندنیان دەکرێت.

*سێیەم: سکۆلەرشیپی ڕەنجی شەهیدان*

ئەم سکۆلەرشیپە پێکهاتووە لە ( 50) کورسی تایبەت بە نەوەی پێشمەرگەی شەهیدی دەستی داعش ، کە بە ڕێژەی لە 100% لێخۆشبوون پێشکەش بە خوێندکارەکە دەکرێت، وەکو وەفایەکی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بۆ کەس و کاری شەهیدان.

*چوارەم : سکۆلەرشیپی خوێندکارانی سوری*

ئەم سکۆلەرشیپە بۆ خوێندکارانی هاولاتیانی وڵاتی سوریاییە، بۆ ئەوەی هاوکاری ئەو خوێندکارانە بکرێت بۆ دروستکردنی دەرفەتی خوێندن، بەتایبەت بۆ ئەو خوێندکارانەی کە ئاوارەبوون و ئێستە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، ڕێژەی لێخۆشبونیان لە 100%، و تا ئێستا نزیکەی ( 150) خوێندکار سودمەند بوون.

*پێنجەم: سکۆلەرشیپی شەهیدان و پێشمەرگە*

ئەم سکۆلەرشیپە بۆ کەس و کاری شەهیدان و پێشمەرگە و خانەوادەکانیانە، دیاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییە،وەکو وەفایەک بەرامبەر ئەو کەسانەی کە خۆیان بەخت دەکەن لە پێناو خاک و وڵاتدا، پێکهاتوە لە 50 کورسی بۆ هەر چوار ساڵی خوێندنی ئەکادیمی.

*شەشەم: سکۆلەرشیپی قەرەداغی*

ئەم سکۆلەرشیپە بۆ ئەو خوێندکارانەیە کە خەڵکی قەزای قەرەداغن، کەبە ڕێژەی لە 50% لێخۆشبون دەکرێت بۆ کرێی خوێندن بۆ هەرساڵێکی خوێندن، ئەم سکۆلەرشیپە دیاری بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمینداریە بۆ دانیشتوانی قەزاکە.

*حەوتەم: سکۆلەرشیپی کەم دەرامەتان*

ساڵانە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، چەندین هاوکاری ماددی پێشەکەشی خوێندکارە کەمدەرامەتەکان دەکات، بۆ ئەوەی بتوانن بەسەرکەوتووی قۆناغەکانی تری زانکۆ تەواو بکەن، بەڕێژەی جیاوازی وەک ( 100%، 50%، 30%) بەپێی دۆخی خوێندکارەکەیە.

## دووەم: کتێبخانە و سەرچاوەی ئۆنلاین

کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ بەیەکێک لە گرنگ ترین جۆرەکانی کتێبخانە دادەنرێت چونکە پابەندە بە هەموو یاسا و ڕێسا و بنەماکانی زانستی کتێبخانەوە، ساڵانە کتێبخانە هەوڵ دەدات بۆ دابین کردن ودەوڵەمەند کردنی سەرچاوەی مەعریفی و ڕۆشنبیری گشتی وە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت بۆ توێژەران ، کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ بەمەڵبەندێکی ڕۆشنبیری دادەنرێت لە پێناو زیاتر خزمەت کردنی زانست و فێربوون وە خولقاندنی کەشێکی ئارام.

ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە فێرخوازان و توێژەران کە کتێبخانە بەکاردەهێنن وە بریتین لە ( خوێندکاران ومامۆستایان و خوێندکارانی خوێندنی باڵا ) ، کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ لە سێ هۆلی سەرەکی پێک هاتووە ( کتێبخانە و هۆلی خوێندنەوە و ئینتەرنێت ) سەرچاوەکانی کتێبخانە لەڕووی بابەتیەوە هەژمار دەکرێت نەوەک لەڕووی چەندایەتی و ژمارەوە ئەوەش سەرکەوتنی کتێبخانە نیشان دەدات کە دەوڵەمەندە بە بابەتی جۆراو جۆر و گرنگ ، سەرچاوەکانی کتێبخانە لە ( کتێب و نامیلکە و گۆڤار و بڵاوکراوە وتوێژینەوە ) پێک دێت بەزمانەکانی ( کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی ) کە ژمارەیان بریتین لە (7374 ) کتێب و ( 76 ) توێژینەوە و بەردەوام لەزیادبوندلیە ، لە ئێستادا ئەم کتێبخانەیە سەرجەم سەرچاوەکانی پۆلێن کراوە لەسەر یاسایەکی جیهانی کە تایبەتە بە زانستی کتێبخانە بە ناوی ( میلڤل دیوی ، دیوی دەیی ) کە یاسایەکە بەکار دەهێنرێ بۆ پۆلێن کردنی سەرچاوەکانی کتێبخانە.

**سێیەم: خزمەتگوزاریIT**

خزمەتگوزاریەکانی بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن، هەرچەندە تەمەنی زانکۆ زۆر نیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین خزمەت گوزاری بواری تەکنەلۆجیای زانیاریمان پێشکەشی خوێندکاران و مامۆستایان و فەرمانبەران کردوە، لەوانە:

1- بەستنەوەی سەرجەم بیناکانی زانکۆ لە ڕێگەی تۆڕی فایبەر ئۆپتیکەوە. وە بەستنەوەی کەمپەکانی زانکۆ لە هەردو شاری سلێمانی و قەرەداغ بە ڕێگای لینکی مایکرۆوەیڤ.

2- دابینکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لەڕێگای وایەرلێس، بۆ هەموو شوێنەکانی زانکۆ.

3- دابینکردنی خزمەتگوزاری تەلەفۆنی ئای پی و سەرجەم ئەو خزمەتانەی لەم ڕێگایەوە دەدرێن.

دروستکردنی ئیمەیڵی زانکۆ بۆ هەمو کارمەندانی زانکۆ.

5- دەستەبەرکرنی ئەپڵیکەیشنەکانی گوگڵ بۆ بواری فێرکردن.

6- دابینکردنی خزمەتگوزاری فێرکردنی ئەلەکترۆنی لەڕێگای مودڵەوە.

7- دەستەبەرکردنی چەندین سیستەمی ئەلەکترۆنی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی زانکۆ.

لەوانە سیستەمی بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی، لیژنەی تاقیکردنەوەکان و ژمێریاری و چەندینی تر.

8- دانانی سیستەمی هاتن و ڕۆشتنی زیرەک بۆ کۆنترۆڵکردنی هاتوچۆی ستافی زانکۆ و خوێندکارانی.

9- دابینکردنی ئینتەرنێت لە کتێبخانە بێ بەرامبەر

10- دابینکردنی تەکنەلۆجیا بۆ هۆڵەکانی خوێندن

11- دابینکردنی سیستەمی چاودێری لەڕێگای کامێراوە بۆ پاراستنی کەلوپەلی زانکۆ و ستافی زانکۆ.

## چوارەم: سیستمی وەرگرتن و گواستنەوەی خوێندکار

ئەم بەشە بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کارەکانی بەڕێوەدەبات کە هەندێ جار ساڵانە زانیاری تازەی تێدا بڵاو دەکرێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی مەرجە گشتیەکانی وەرگرتن ئەمانەی لای خوارەوەیە:

ئەو قوتابی/خوێندکارەی لە زانکۆ و پەیمانگا تایبەتەکان وەردەگیرێت پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:

آ- دەرچووی ئامادەییەکان ( زانستی و وێژەیی و پیشەییەکان)ی سەربەوەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان یان حکومەتی عێراقی فیدراڵ بێت و بڕوانامەکەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکەیەوە پەسەندکرابێت.

ب- دەرچووی پەیمانگا پێینج ساڵیەکانی سەربە وەزارەتی پەروەردە یان پەیمانگا دووساڵیەکانی سەر بەوەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە بەشە هاوشێوەکانی خۆی وەردەگیرێت.

ت- دەرچووی دەرەوەی وڵات بەمەرجێک لە بەڕێوبەرایەتی گشتی ئەزمونەکانی سەربە وەزارەتی پەروەردە بەرابەرکردنی بڕوانامەکەی ئەنجامدابێت.

پ- لە پشکنینی پزیشکی دەرچوو بێت، بەپێی ئەو مەرجە تایبەتییانەی بۆ هەرخوێندنێک دیاریکراوە.

ج- پێویستە تەمەنی قوتابی/خوێندکاری پێشکەشکار بۆ هەردوو کۆلێژی پزیشکی و ئەندازیاریەکان نابێت لە (35) ساڵ زیاتر بێت.

## پێنجەم:هۆڵی کۆنگرە/ کۆنفرانس لەگەڵ هۆڵی سیمینار و کۆبونەوە

*یەکەم: هۆڵی پڕۆفیسۆر دکتۆر عەلی قەرداغی*

ئەم هۆڵە دەکەوێتە کەمپی دووی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییەوە، پێکهاتوە لە (393) کورسی لەگەڵ منێیەکی فراوانی پێشکەشکردن ، کە سیستمی ڕوناکی، دەنگی، ڤیدیۆیی دابەزێنراوە، لەگەڵ بونی پرۆجێکتەرێکی گەورە کە بینینی ئاسانە لەلایەن بەشداربوانەوە، کۆنفرانسە زانستیە نێودەوڵەتیەکان و بۆنە و ئاهەنگە تایبەتە گەورەکان لەم هۆڵە ئەنجامدەدرێت، ژورێکی حەوانەوە و پشوی تێدایە بۆ پێشەکەشکاران.

*دووەم: هۆڵی عمر سورچی*

ئەم هۆڵە دەکەوێتە کەمپی دووی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییەوە، پێکهاتوە لە (176 ) کورسی لەگەڵ ستەیجێکی تایبەتدا، کە سیستمی ڕوناکی، دەنگی، ڤیدیۆیی دابەزێنراوە، ئەم هۆڵە بەکاردەهێنرێت بۆ سیمینار و کۆڕ و کۆبونەوەچالاکی پێشکەشکردنی زانستی.

*سێیەم: هۆڵی کۆبونەوە*

ئەم هۆڵە دەکەوێت کەمپی 2 زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییەوە، پێکهاتووە لە (20 ) کورسی و لەگەڵ مێزی گەورەی کۆبونەوە، کە سیستمی دەنگی و ڕوناکی تێدایە، لەگەڵ بوونی سمارت بۆردێک کە بۆ مەبەستی ڤیدیۆکۆنفرانس و چالاکی تایبەتی بەکاردەهێنرێت.

## ژیانی ناوکەمپەکان

*یەکەم: گواستنەوە*

لە ڕێگەی کۆمپانیای گواستنەوەی تایبەتەوە کار ئاسانی بۆ خوێندکاران کراوە ، بۆ هاتن و ڕۆیشتنەوەیان ، بە تایبەت بۆ کەمپی یەکەمی قەرەداغ کە (85 ) کم دوورە لە سەنتەری شاری سلێمانیەوە.

*دووەم: خزمەتگوزاری تەندروستی*

یەکەی تەندروستی هەیە لە هەردوو کەمپەکەی زانکۆ، کە تیایدا چەندین خزمەتگوزاری پزیشکی پێشکەش دەکرێت، خوێندکاران و مامۆستایان بەردەوام ئەم بەشە بەکاردەهێنن لەکاتی ڕودانی هەردۆخێک کە پەیوەندی بە تەندروستیەوە هەبێت، پشکنیەنەکان ئەم یەکەیە بێ بەرامبەرە.

*سێیەم: وەرزش*

ئەم بەشە سەرپەرشتی دەکرێت لەلایەن یەکەی کاروباری خوێندکارانەوە کە هەڵ دەستێت بە ئەنجامدانی چالاکیە وەرزشیەکانی وەک خولی (تۆپی پێ و تێنس و شەترەنج و سەرکەوتن بەسەر شاخ دا و ماراسۆن و مەلەوانی و چەند چالاکی تری وەرزشی ) کە تیدا ساڵانە دەوراتی ناوخۆی زانکۆ دەکرێتەوە و سەرکەوتوان خەڵات دەکرێن و پاشان لە هەر جۆرە وەرزشێک تیمی زانکۆیان لێ هەڵ دەبژێردرێت و پاشان لە دەوراتی زانکۆکانی هەرێم بەشدار دەبن.

## چوارەم: کاروباری خوێندکاران

یەکەی کاروباری خوێندکاران بریتیە لە فەراهەم کردنی بوار و ڕەخساندنی هەلی زیاتر بۆ خوێندکاران بۆ گەشەسەندنیان و پێشکەوتنیان ، ئەمەش لە ڕێی فەراهەم کردنی بناغەیەک بۆ بەدەستهێنانی حەز و ئارەزووەکانیان.

ئەم یەکەیە کاردەکات بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار و یارمەتیدەر بۆخوێندکاران کە تیایدا هەلی فێربوون و چێژ وەرگرتن و بەشداریکردن و سەرکەوتن بەدەست بهێنن ئەمەش لەرێگای چەندین پڕۆگرامی ئاسانکاری و خزمەتگوزاریەوە ،ئەرکی یەکە ئەوەیە کە ئەزمونێکی تازە بهێنێتە ژیانی خوێندکارانی زانکۆکەمان، وە یارمەتیدەریان بێت بۆ پێشکەوتنیان و ئامادەکردنیان وەک سەرکردەی دوارۆژ لە بوارەکانی خۆیاندا ، زانکۆ 2 یاریگای تۆپی پێ ی هەیە لە هەردوو کەمپی زانکۆ لەگەلڕ هۆلڕ بۆ چالاکیەکان (تێنس ، شەترەنج، و یاریەکانی تر....)

یەکەی کاروباری خوێندکاران هەڵگری چەند بەهایەکە کەبە هۆیانەوە دەتوانێت بگاتە دیدگای خۆی لە پێشەنگی بۆ ڕەخساندنی ئەزمونێکی باشتر لە ژیانی زانکۆ ، ئەو بەهایانەش ئەمانەن:

- پێکەوە ژیان و ڕێزگرتنی بەرامبەر.
- سەرکەوتنی ئەکادیمی و بڕیاردان.
- جۆراوجۆری و پێکەوە بوون.
- کەسایەتی ڕاستگۆ و لێپرسراو.
- پەیوەندی شارستانیانە.
- پێگەیاندنی کەسایەتی و گەشپێدانی.
- گەشەپێدانی کۆمەڵگە.
- ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان خوێندن و ژیاندا.

یانەی خوێندکاران (Students Clubs) لە چەندین یانەی جیاواز پێکهاتوون لەوانە:

- **یانەی تۆپی پێ**
- **یانەی پاڵپشتی پرۆژە کۆمەڵایەتیەکان** (هاوکاری کۆمەڵایەتی)
- **یانەی دراما** (شانۆ)
- **یانەی بانك**
- **یانەی کتێب**
- **یانەی هۆشیاری و تەندروستی**
- **یانەی تەکنەلۆجیای زانیاری**

- **یانەی هۆشیاری یاسایی**
- **یانەی مۆسیقا**
- **یانەی فۆتۆ**
- **یانەی تێنس**
- **یانەی وەرگێڕان**
- **یانەی شەترەنج**
- **یانەی ڕۆشنبیی و ڕاگەیاندن**
- **یانەی دۆستی ژینگە**
- **یانەی شاخەوانی**
- **یانەی کار و** دەرچوان
- **یانەی مامۆستایانی گەنج**
- **یانەی خۆبەخشی گۆمەڵگا**
- **یانەی گەشەپێدانی مرۆیی**
- **یانەی فۆلکلۆر**
- **یانەی داهێنان**
- **یانەی ڕاپرسی**
- یانەی مەلەوانی
- یانەی بالە
- یانەی باسکە
- یانەی تۆپی پێی – کچان
- یانەی تێنس – کچان

## پێنجەم: خزمەتگوزاری نانخواردن

خزمەت گوزاری لەم کافتریایە لەبەیانیان سەعات8 تاکۆتایی دەوامی دووەمی زانکۆ (دەوامی ئێواران) سعات 8ی ئێوارە بەردەوام دەبآ.خوانی تایبەت بەبەیانیان پێکهاتووە لە (نۆکاو، سوپ شۆربای نیسک، فلافل) و ژەمەکانی تری نیوەڕوان و ئێواران بەردەوام هەیە خواردنەکانی(کباب،تکەی مریشک،کوڵاو،برژاو،گەیی مریشک ،فلافل، هەروەها زیاتر لە 8 جۆر شلەی جیاواز پێشکەش دەکات) لە گەڵ پێشکەشکردنی خواردنەوەکانی وەک (جا، قاوە، نیسکافە، بسکویت)، هەروەها 5نوع مقبیلات (کارۆتن زەلات ، کارتوفڵ زەلات، گروین زەلات، حمێ، کەلەرم، چەندین جۆری زەلاتەی کوردی و تورکی پێشکەش دەکات) وەکافتریا جیگەی خوانی زیاتر لە 320 قوتابی هەیە،لەماوەیەکی دیاری کراوی

کەمدا دەتوانرێت خوان وژەمی ژمارەیەکی زۆر قوتابی ئامادەبکات، هەر لەم کافتریایە خواردنی کۆنفرانس و کۆبونەوەکان پێشکەش دەکرێت.

## شەشەم: کلینکی راوێژکاری یاسایی

کلینکی راوێژکاری یاسایی رێگەی هاوکاری یاسایی بۆ کەسانی کەمدەرامەت و ئاوارە و پەنابەر کە بێبەرانبەر خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوولاتیان دەکات.

ئامانج لە دروستکردنی کلینکی یاسایی بەرزکردنەوەی تواناو ئاستی زانستی خوێندکارانە، لە هەمان کاتدا هاوکاری کردن و پێدانی راوێژی پێویستە بەو کەسانەی کەم دەرامەت و لێقەوماون وەکو هەژاران و ئاوارە و پەنابەران، لە ژێر سەرپەرشتی و چاودێری مامۆستایان و پارێزەکاندا.

مافی وەرگرتنی هاوکاری یاسایی لەزۆربەی پەیماننامە نێو دەوڵتیەکاندا ئاماژەی پێدراوە هەروەک زۆربەی دەستوری وولاتان دەقیان لەسەرداوە، لەوانە ( جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ ساڵی 1948، پەیمانی عەرەبی بۆ مافی مرۆڤ ساڵی 2004، مادەی 19 لەدەستوری عێراق ساڵی 2005، وەهەروەها لەیاساکانی پارێزەرانی عێراقی و یاسای سزادانی عێراق(بەخۆشحاڵییەوە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی لە پێشەنگی زانکۆ ئەهلییەکانی کوردستانە بەهاوکاری رێکخراوی (USAID) ، رێکەوتننامەی کلینکی یاسایی واژوو کرد. لەبەرواری 2015/10/22 ستافی کارگێری بۆ دانراوە و دەستی بەکارەکانی کردووە، هاوکات چەندین پارێزەری دەرەوەی زانکۆش خۆبەخشانە پەیوەندیان پێوەکردووە. .

## حەوتەم: سیستمی بانک

تاقیگەی بانکی بۆیەکەم جارە لە کوردستان تاقیگەیەکی زانستی بکرێتەوە لەسەر جێبەجێکردنی سەرجەم کارەکانی نێوبانک بەشێوەیەکی پراکتیکی، ئەم هەوڵە وای لە خوێندکارەکان کردووە کە پێش ئەوەی کۆلێژەکەیان تەواو بکەن تەواو شارەزان کە ڕۆڵ ببینن لە دامەزراوە بانکیەکاندا، چونکە توانیویانە بەسەرکەوتوی سود لە تاقیگەی بانکی وەربگرن.

## هەشتەم: ڕێبەری دڵنیایی جۆریی تایبەت بە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی

*بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی:*

بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی لە زانکۆدا هەڵدەستێت بە چاودێریکردنی جۆرایەتی لەسەرجەم بوارەکانی خوێندن، توێژینەوە و کارگێریی.

ئەرکی ئەم بەرێوەبەرایتیە بریتییە لە بەڕێوەبردنی سەرجەم کارەکانی تایبەت بە دڵنیایی جۆریی و زانستخوازیی بەردەوام لەسەر ئاستی زانکۆ، کە لەسەر ئاستی هەر کۆلێجێک رێکخەرێک کارەکان رادەپەڕێنێت، کە بە هەموویان ئەنجومەنی دڵنیایی جۆریی زانکۆ پێکدەهێنن و ئەنجومەنەکەش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە سەرۆکی زانکۆوە.

بنەما وپێکهاتەی دڵنیایی جۆریی

*یەکەم: دڵنیایی جۆریی خوێندن*، کە کار لەسەر دوو تەوەر دەکات

- پێداچوونەوەی کۆرسی خوێندن، ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە چاودێری چۆنێتی وانەوتنەوەی مامۆستایان و ئەو تەکنەلۆژیایەی بەکاری دێنن.
- پەرتوکی کۆرس، ئەبێ سەرجەم وانەکان پەرتوکی وانەیان بۆ ئامادە بکرێ و دوای ئەوەی لە لایەن لیژنەی زانستیی و دڵنیایی جۆریی و مامۆستایانی تری پسپۆر پێداچوونەوەی بۆ دەکرێ.

*دووەم: ئەڵومنای (دەزگای پەیوەندیکردن بە دەرچوان)*

کاری سەرەکی بریتییە لە ئاگاداربوونی دەرچوانی زانکۆ دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، ڕێزلێنان لە دەرچوان و هاندان و بەخشینی بڕوانامەی ڕێزلێنان بەو دەرچوانەی کە بە ئاستێکی بەرزەوە لە خوێندنی باڵا وەربگیرێن.

*سێ یەم : خەڵاتی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی*

ئەم بەشە خەڵاتێکی ئامادەکردوە دەیبەخشێتە مامۆستایان بەتایبەت ئەوانەی کە جێ دەستی ئەکادیمیان دیارە بۆ هاندانی مامۆستایان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستییان و دروستکردنی گیانی کێبرکێ بۆ باشکردنی کوالێتیی خوێندن.

# سەنتەری گەشەپێدان بۆ توێژینەوە و ڕاهێنان

سەنتەری گەشەپێدان بۆ توێژینەوە و ڕاهێنان، سەنتەرێکی ئەکادیمی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیە، بۆ فراوانکردنی ئەو ئامانجەیە کە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی هەیەتی کە بریتیە گەشەپێدانی تاک و کۆمەڵگە، DCRTئامانجێتی ببێتە سەرمەشقی سەنتەرەکانی ڕاهێنان و توێژینەوە لە عێراقدا لەرێگەی کارکردن لەگەڵ هەریەکە لە تاکەکانی کۆمەڵگە، دامەزراوە تایبەتی و گشتیەکان، ڕێکخراوەکان و دامەزراوە ئەکادیمیەکان لەرێگەی توێژینەوە و ڕاهێنان و هەر ئامرازو کەرەستەیەکی تری پێویست.

*یەکەم: بەشی توێژینەوە*

یەکێکە لە بەشەگرنگەکانی زانکۆ، کە تیایدا توێژەران کە پێکهاتوون لە مامۆستایان و خوێندکارانی خوێندنی باڵا هەڵدەستن بە ئەنجامدانی توێژینەوە تایبەت بە پسپۆڕیەکانی ( یاسا و ڕامیاری، گەردوونی، زمان، کارگێری و ئابوری، زانست و تەکنەلۆجیا، هەرپسپۆڕیەکی دیکە) هاوکات تاقیگەیەکی پاڵپشتە کە بەستراوە بە تۆڕی ئینتەرنێت و چەند کتێبخانەیەکی نێودەوڵەتیەوە. پاشان توێژینەوەکان لە ڕێگەی گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییەوە بڵاو دەکرێتەوە.

*دووەم: بەشی ڕاهێنان*

بەشی ڕاهێنان لە ڕێگەی چەند بەرنامەیەکەوە کاروچالاکیەکانی پێشکەش دەکات کە هەریەک لە بەرنامەکان لە چەندین خولی ڕاهێنان و بەرنامەی دیکە پێکهاتووە و بەپێی ئەم پسپۆڕیانەی لای خوارەوە تەوەرەکان جیاکراونەتەوە :

بەرنامەی کارگێری کار

بەرنامەی زمان

بەرنامەی یاسا و ڕامیاری

بەرنامەی زانست و تەکنەلۆجیا

شێوازی پێشکەشکردنی بەرنامەکان بەشێوەی ( خول، ۆرک شۆپ، سیمینار، کۆڕ و کۆبونەوەی زانستی، بەرنامەی تایبەت، پرۆژەی تایبەت) ئەنجامدەدرێت. لەلایەن ستافی شارەزا و ڕاهێنەری نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەوە بابەتەکان دەوترێتەوە، و بەشداربوان بڕوانامەی تایبەت وەردەگرن، هەروەها لە هۆڵ و تاقیگە و ژووری ڕاهێنانی تایبەتدا، کە سەرجەم پێداویستیەکانی ڕاهێنانی تیادا دابینکراوە وانە دەخوێنن، و سیستمی دەنگ و ڕەنگ و ڕوناکی تێدایە.

بەرنامەکان بە دوو شێواز بەڕێوەدەبرێت : یەکەم: بەرنامەی بێ بەرامبەر : لەم بەرنامەیەدا بەشداربووان هیچ بڕەپارەیەک نادەن بەڵکو بڕی تێچون لەلایەن زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییەوە دابیندەکرێت. دووەم: چالاکی بەرامبەر : لەم بەرنامەیەدا لەسەر ئاستی دامەزراوە یان گروپ، بەپێی داواکاری و پێداویستی دەزگاکە پرۆپۆزەڵی تایبەت ئامادەدەکرێت و پێشکەشی لایەنی پەیوەندیدار دەکرێت، کە هەندێک جار پێش

جێبەجێکردنی پڕۆگرامەکە توێژینەوەیەک ئەنجامدەدرێت لەسەر دەزگاکە بۆ دیاریکردنی بەرنامەی پێویست،لەهەمان کاتدا چەند بەرنامەیەکی تر کە لە پشوی هاویندا جێبەجێ دەکرێت وەکو خوێندنگەی هاوینەی گەنجان کە تیایدا بابەتەکانی ( زمان، کۆمپیوتەر، گەشەپێدانی مرۆیی، ڕەشاقە، مەلەوانی، تۆپی پێ) دەخوێنرێت بۆ هەردوو ڕەگەزی نێرومێ بەجیا.

## بڵاوکراوەکان

*یەکەم: گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی*

گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، گۆڤارێکی زانستی - وەرزییە، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی دەریدەکات، پشتبەست بە فەرمانی وەزاریی – وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە (15332/9) لە (2015/8/5)دا. و ئاماژە بە کۆنوسی لیژنەی هەمیشەیی تایبەت بە دەرکردنی گۆڤاری زانستیی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، کە لە بەرواری ( 4 / 8 / 2015 ) دا هاتووە . بڕیاردراوە بە پێدانی مۆڵەت بە دەرکردنی (گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی) لە لایەن زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی گشت مەرجەکانی دەرکردنی گۆڤاری زانستیی تێدا جێبەجێ کراوە. توێژینەوەکانی ئەم گۆڤارە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی بەکاردێت.دەستەی نوسەرانی گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، خۆشحاڵ دەبێت بە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەو بەرهەمە زانستیەکانی توێژەرانی هەر دوو بواری ( زانستیی/ زانستە مرۆڤایەتیەکان) بە پێی ئەومەرجانەی کە بۆ بڵاوکردنەوە دانراون لە گۆڤارەکەدا.

ناوی گۆڤار: گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی

جۆری دەرکردنی گۆڤار: وەرزییە

پسپۆڕی گۆڤار: هەردوو بواری ( زانستیی – زانستە مرۆڤایەتیەکان)

ژمارەی نێودەوڵەتی گۆڤار(ISSN 2411-7757)

ژمارەی نێودەوڵەتی گۆڤار بەشێوەی ئۆنلاین(ISSN 2411-7765)

*دووەم : گۆڤاری گەشەپێدان:*

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی وەرزییە، لە لایەن زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییەوە دەردەکرێت، ئەم گۆڤارە خاوەنی ئیمتیازی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییەو سەرۆکی دەستەی نووسەرانی پرۆفیسۆر د.مەریوان ئەحمەد ڕەشیدە، گۆڤارەکە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە تۆماری یاسایی ژمارە 829 لە 2016/7/10 تۆمارکراوە.. لەم گۆڤارەدا بابەتی گشتی و زانستی مامۆستایان و خوێندکاران و هەواڵ و چالاکییەکانی زانکۆ بڵاو دەکرێتەوە، ژمارە 1 ی گۆڤارەکە لە بەهاری 2016 کەوتە بەر دیدی خوێنەران .

## کۆلێجەکان

### یەکەم: کۆلێجی یاسا و ڕامیاری

ڕۆڵی ئەم کۆلێژە لەسەر ڕونکردنەوەی دەق و چەمکە یاساییەکان لە دامەزراوە جیاوازەکاندا سیمای ناسینەوەی کۆلێژەکەیە، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو سەکۆیەک ڕۆڵی بینیوە بۆ کەسانی بڕیاربەدەست لە بواری حکومی و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، کە ڕاستەوخۆ گفتوگۆ و دیالۆکی ئەکادیمی ئەنجامبدەن هەڵسەنگاندنی واقیعی و ڕونکردنەوەی زانیاریەکان لەسەر زاری کەسانی پەیوەندیدارەوە، دەرچوی ئەم کۆلێژە تەواو ئامادەیە لەڕووی پراکتیکی و تیۆریەوە بۆ ئەوەی ڕۆڵببنێت بە مێشکێکی کراوەوە لە هەردامەزراوەیەکی گشتی و تایبەتدا.

مامۆستایان و ستافی وانەبێژانی ئەم بەشە لەو کەسانە پێکهاتوون کە ئەزمونی کاری دادوەریان هەیە لە دامەزراوەکانی وەکو پەرلەمان، دادگاکان و چەند دەزگایەکی گرنگی تری یاسایی پەیوەندیدار سەرەڕای بونی بڕوانامەی باڵا، بۆیە خوێندکارەکان بەجۆرێک ئامادەدەکەن کە بتوانن ڕوبەڕوی چەندین کەیس و دۆخی تایبەتی ببنەوە.

بەشی ڕامیاری توانیوێتی خوێندکارەکانی ئامادەبکات کە بتوانن لەم دۆخە سیاسیە تایبەتیەی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی تێبگەن و مامەڵەی ئەکادیمی لەگەڵ بکەن، بۆیە کۆمەڵێک خوێندکار کە لەڕووی بوچونی سیاسیەوە جیاوازن دەخوێنن توانیویانە بۆچونەکانیان تاڕادەیەک یەک بخەن، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو دۆخەی کە کەسی سیاسی ئەگەر لە بواری ئەکادیمی بخوێنێت ئەوا ئاسانتر دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ ڕوداوەکان بکەن.

*بەشی یاسا:*

خوێندنی وانەکان لەم بەشەدا بەشێوەیەکی تیۆریە هەندێک یاسا دەخوێندرێت کە لە زۆرێک لە بەشەکانی یاسای زانکۆکانی هاوشێوەی ناخوێنرێت، سەرەڕای ئەوەی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەژیانی ڕۆانەی پارێزەریەوە هەیە، وەک یاسای تۆماری خانووبەرە، یاسای نەوجوانان.

هەروەها  خوێندکارانی ئەم بەشە بە زمانی عەرەبی وانە دەخوێنن  ئەمەش یارمەتی دەری خوێندکارەکانە کە بتوانن تێکستە یاساییەکان کە بەزمانی عەرەبی نوسراوە بخوێنێتەوە.

*بەشی ڕامیاری:*

یەکێک لە جیاوازیەکانی بەشی زانستە ڕامیاریەکان ئەوەیە کە خوێندکاری تەمەن گەورە و تەمەن بچوک و خاوەن ئەزمون و باکگراوندی جیاواز ڕوویان لەم بەشە کردووە و پێکەوە بەردەوامی خوێندن دەدەن و ئەزمونی کەشێکی لەباری زانستی دەکەن، ئەگەر لە خوێندنێکی تردا گرفت هەبێت بۆ جیاوازی تەمەن، لێرەدا سودی زۆر بینراوە لەو جیاوازی تەمەنە کە بەشێوەیەکی کرداری  ئاڵوگۆڕی ئەزمونکراوە.

لەبەشی زانستە رامیاریەکاندا سەرەرای بابەتە ئەکادیمیە گرنگە دانپانراوەکان چەندین چالاکی جۆراوجۆر سازدەکرێت لە درەرەوەی ئەو بابەتانەی کە دەیخوێنن و لە چوارچێوەی پەرەپێدانی توانا و ئاستی زانستی خوێندکارەکان. هەروەها خوێندکاران بەشداریان پێدەکرێت لە ڕێگەی سازدانی کورتە سیمینار و شێوازەکانی دیکەی بەشداریکردن.

*بەشی دبلۆماسیەت و پەیوەندیە گشتیەکان:*

بەشی دیبلۆماسیەت و پەیوەندیەگشتیەکانی بە زمانی ئینگلیزی کە بەیەکێک لە بەشە زانستیە تازە هەرەگرنگەکانی ئەمرۆی جیهان ئەژمار دەکرێت لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی کراوەتەوە، بەهۆی سروشتی کاری دیبلۆماسیەت و کرانەوەی کۆمەڵگاکان و مامەڵەی کۆمپانیا یی بیانی و تێکەڵاوی خەڵکی بیانی و هاتنی زیاتریان گرنگی ئەم بەشە زیاتر دەبێت و هەروەرها دەرفەتێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ڕۆڵببینن وەک کادرێکی پیشەگەرو شارەزا لە بواری دیبلۆماسی بۆ باڵویزخانەو کونسولگەری عیراق و وڵاتانی دەرەوە و و نوسینەگەی نوێنەرایەتی سیاسی کوردستان و وڵاتانی دەرەوە.

پەیوەندیەگشتیەکانیش رۆڵیکی کارا دەبینیت لە دروستکردن و بتەوکردنی پەویەندی و پاراستنی ناوبانگ و وێنەی دامەزراوەکان لە دیدی جەماوەرەکەیدا، ئەمەش بۆتە پێویستیەکی کرنگی ئەو دامەزراوانە کە هەمیشە لە خەمی دروستکردنی پەوەندیەکی بتەو رونن لە کەڵ جەماوەرەکەیاندا. سەرەرای بایەخی پیوەندیەگشتیەکان لە کاری دامەزراوە گشتی و تایبەتیەکان، رۆڵکی کرنگ دەبینێت لە پەرەبێدان گەشەکردنی بوارە جیاجیاکانی ژیان، بە تایبەتی لەروی ریکخستنی کەمپین لە بوارەکانی پاراستنی تەندروستی، ژینگە، وشیاری کۆمەلایەتی، وشیاری سیاسی، ئاسایشی نەتەوەیی، کاری رێکخراوی خێرخوازی ، نوێنەرایەتی کردنی دەزگا و نەخشەکێشانی چەندین چالاکی تایبەت بەدامەزراوەکە بۆ ئەوەی وێنەیەکی زەینی ئیجابی دروست بکەن، ئەمانە و چەندین دەرفەتی تر کە پەیوەندیە گشتیەکان دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت لە سەرجەم جومگەکانی ناوەوە و دەرەوەی دەزگاکاندا.

## دووەم: کۆلێجی زمان

دەرچوانی ئەم کۆلێژە دەبنە کلیلی کردنەوەی پێشکەوتنی هەردامەزراوەیەکی گشتی و تایبەت، خوێندکارانی ئەم بەشە ئامادەن لە هەموو دەزگایەکدا کار بکەن، بەتایبەت کەرتی تایبەت، چونکە جگە لەوەی فێری ئەوەبون کە چۆن وەکو بایلینگوەلێک ڕۆڵ ببینن، فێری چەند شارەزاییەکی تر بوو وەک هونەرەکانی پەیوەندیکردن، سەرکردایەتیکردن، دروستکردن و بەڕێوەبەردنی گروپ و کاری بەکۆمەڵ، ڕۆڵبینین وەکو سەرۆکی تیم و ئەندامی تیم.

*بەشی زمانی ئینگلیزی:*

لەم بەشەدا خوێندکاران بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزیان دەگەیەنرێتە قۆناغی پێشکەوتوو و، لە دوو قۆناغی کۆتاییشدا خوێندکار ئاشنادەکرێت بە بنەما و پرانسیپە گرنگەکانی بوارەکانی زمانەوانی و ئەدەب و وەرگێران و ئەنجامدانی توێژینەوە و ڕێبازەکانی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی. شێوازی وانەوتنەوە لە بەشی ئینگلیزیدا پشت دەبەستێت بە ڕێبازە سەردەمیەکانی وانەوتنەوە بەتایبەتی ڕێبازی (Interactional) بەو پێیەی کە ڕۆڵی مامۆستا و خوێندکار تێکەڵکێش دەکات لە وانەوتنەوە. لەم بەشەدا مامۆستایانی ئەمەریکایی و بەریتانی وانە دەڵێنەوە سەرەڕای ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی پسپۆڕ و بە ئەزموون و لێهاتوو کە لە زانکۆکانی بەریتانیا و فەرەنسا و عێراق و هەرێمی کوردستان بڕوانامەی دکتۆرا یان ماستەریان بە دەست هێناوە. خوێندکارانی ئەم بەشە زۆر بە پسپۆڕیەکەیان خۆشحاڵن و هەمیشە برەو بە تواناکانیان دەدەن تا بتوانن نموونەیەک و باڵیۆزێکی بەتوانای زانکۆ و کۆلێج و بەشەکەیان بن.

*بەشی عەرەبی:*

لەم بەشەدا خوێندکاران بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی ئاستی توانستی زمانی عەرەبییان دەگەیەنرێتە قۆناغی پێشکەوتوو و، لە دوو قۆناغی کۆتاییشدا خوێندکار ئاشنا دەکرێت بە بنەما و پرانسیپە گرنگەکانی بوارەکانی زمانەوانی و ئەدەب و وەرگێران و ئەنجامدانی توێژینەوە و ڕێبازەکانی فێرکردنی زمانی عەرەبی. شێوازی وانەوتنەوە لە بەشی عەرەبیدا پشت دەبەستێت بە ڕێبازە سەردەمیەکانی وانەوتنەوە بە تایبەتی ڕێبازی (تفاعلی) بەو پێیەی کە ڕۆڵی مامۆستا و خوێندکار تێکەڵکێش دەکات لە وانەوتنەوە. لەم بەشەدا مامۆستایای عەرەب وانە دەڵێنەوە سەرەڕای ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی پسپۆڕ و بە ئەزموون و لێهاتوو کە لە زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی و عێراق و هەرێمی کوردستان بڕوانامەی دکتۆرا یان ماستەریان بە دەست هێناوە. خوێندکارانی ئەم بەشە زۆر بە پسپۆڕیەکەیان خۆشحاڵن و هەمیشە برەو بە تواناکانیان دەدەن تا بتوانن نموونەیەک و باڵیۆزێکی بەتوانای زانکۆ و کۆلێج و بەشەکەیان بن.

## سێیەم: کۆلێجی کارگێڕی و ئابووری

ئەم کۆلێجە چوار بەشی سەرەکی دەگرێتەوە (زانستی دارایی و بانک - ژمێریاری - کارگێڕی کار ) بە هەردوو دەوامی بەیانیان و ئێوارانەوە.

ڕووی ڕەوشی زانستیەوە توانیویەتی چەندین داهێنان و خزمەتپێشکەشبکات ، کە جگە لە شکۆدان بە پرۆسەی خوێندن وێنایەکی نوێشی بەخیشیوەتە معریفەخوازی لە زانکۆدا لەوانە:داهێنانی تاقیگەی پراکتیکی بۆ بەشەکانی (زانستی دارایی و بانک و ژمێریاری) کە سەرجەم کارە پراکتیکیەکانی بانکی و ژمێریاری بە شێوەیەکی پراکتیکی لەلایەن مامۆستایانەوە بۆ خوێندکاران ئەنجام دەدرێت، ئەمە جگە لەوەی خوێندکارەکانمان وەک تاک و گروپ لە پەیوەندیدان بۆ سوود وەرگرتن لە دام ودەزگا حکومی و ئەهلیەکانی کە لە چوارچێوەی پسپۆری خۆیاندایە.

جێگای ئاماژەیە خوێندکارانی ئەم کۆلێجە جگە لەوەی لە پێشترن لە کێبڕکێ زانستیەکانی خوێندنی باڵادا لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی بەرچاو لە خوێندکارانمان لە پێگەی بەرپرسیارێتی بەرزدان لە هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان کە بە پسپۆریەکانیان بونەتە نموونە.

*بەشی زانستی دارایی و بانکی:*

یەکێکە لە نوێترین بەشەکانی بواری زانستی ئابوری. کردنەوەی ئەم بەشە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورە بووە کە لە بواری خزمەتگوزارییەکانی بانکدا هەمانبووە. لە پرۆگرامی خوێندنی ئەم بەشەدا گرنگی دەدرێت بە میتۆدی زانستیانە بۆ لێکۆڵینەوە لە تیۆرییە جیاوازەکانی چۆنیەتی پێشخستنی سیستمی بانکی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی. لەم بەشەدا کادری شارەزا ئامادە دەکرێت بۆ کارکردن لە بانکە جیاوازەکان.

*بەشی ژمێریاری:*

ستراتیژی ئەم بەشە نوێیە بریتیە لە پێگەیاندنی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری ژمێریاریدا، وڵاتانی جیهان ئەمرۆ لە هەموو کات زیاتر بەرووی یەکتردا کراونەتەوە و ژمارەی دامەزراوە و چالاکییە بازرگانی و ئابورییەکان ساڵانە لە فراوان بوون وزیادبووندان ، وەسەرجەم دامەزراوە حکومی و نێودوڵەتییەکان داوای شەفافیەت و روون لە دەرخستنی زانیاری و ژمێرەکاندا دەکەن کە پێویستە بە شێوەیەکی ستاندەر و زانستیانە ڕێکبخرێت ئەمەش پێویستی بەدەستی کاری شارەزاو پسپۆڕ هەیە لەم بوارەدا ، وەسەبارەت و بەتایبەت بە هەرێمی کوردستان پاش رووداوەکانی 2003 لە عێراقدا هەرێم بە رووی جیهانی دەرەوەدا کرایەوە لە رووی سیاسی و بازرگانی و ئابورییەوە ، وە تارادەیەک ژینگەیەکی وەبەرهێنانی گونجاو رەخساو بەشێک لە کۆمپانیا جیهانی و هەرێمییەکان بەمەبەستی وەبەرهێنان روویان لە هەرێم کرد و ژمارەی کۆمپانیا ناوخۆیی و چالاکیە ئابوررییەکان زیادیان کرد کەبوو بە هۆی فراوانبوونی بازاڕی کاری هەرێم.

لم رووانگەیەوە بۆ پڕکردنەوەی بازاری کاری هەرێم بە دەستی کاری شارەزاو و لێهاتوو لە بواری ژمێریاریدا کردنەوەی ئەم بەشە کارێکی پێویست و گونجاو بوو

*بەشی کارگێری و کار:*

گرنگی ئەم بەشە لەوەدایە هەڵدەستێت بەڕاهێنانی خوێندکارەکانی و ئاشناکردنیان بە چەندین بواری گرنگی کارگێری وەک بەڕێوەبردنی سامانی مرۆیی، بەڕێوەبردنی مەواد، بەڕێوەبردنی دارایی و بەڕێوەبردنی خود، بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکان و چۆنیەتی سەرکردایەتی کردنی کارو پرۆژەکان. بۆ ئەوەی خوێندکار بتوانێت پەرە بەتوانا هزریەکانی بدات و سەرکەوتووانە پلانسازی بکات لەسەرجەم بوارەکانداو توانای شیکاری و بڕیار وەرگرتنی هەبێت بەشێوەیەکی کارا. تاسەرەنجام بتوانێت ببێتە فاکتەرێکی ئیجابی بۆ خۆی و کۆمەڵگاکەی. بەم شێوە خوێندکار پاش دەرچوونی هەلیکار لەبەردەمیدا کراوە دەبێت و لەتوانایدا هەیە بەپلەکانی ڕێڕەوی وەزیفیدا بەخێرایی سەرکەوێت و جێدەستی خۆی دیاری بکات.

## چوارەم: کۆلێجی زانست و تەکنەلۆجیا

پرۆژەی دەرچونی خوێندکاران یەکێکە لە ئاوتپوتەکانی خوێندکارانی ئەم بەشە کە تیایدا خەڵاتی چەندین پێشبڕکێیان وەرگرتوە، هەروەها لەلایەن کۆمپانیان و دامەزراوە تایبەتیەکانەوە بەرنامە و ئەپەکانیان کڕدراونەتەوە و بوتە سەرچاوەیەکی دارایی بۆ خوێندکارەکە هەرلەسەرەتای تەواو کردنی کۆلێجەکەوە، هەروەها لە دەرچوانی ئەم کۆلێجەدا هەبووە کە دەرفەتی کاری دەستکەوێت بەهۆی توانای ئەکادیمی و لێهاتوەیەوە لە کۆمپانیایەکی گەورەی جیهانی وەکو گۆگڵ.

*بەشی زانستی کۆمپیوتەر:*

لەم بەشەدا گرنگی یەکی تایبەت بە بەستنەوەی زانکۆ بە بازاڕی دەرەوە دەدرێت لە ڕێگەی ئەنجامدانی پرۆژەی مەیدانی و بانگێشتکردنی کۆمپانیا پەیوەندیدارەکان بۆ چالاکیە جۆراوجۆرەکانی بەشەکە. ئاستی بەرزی توانستی خوێندکارە دەرچووەکان لەم بەشە وای کردوە کە لە دۆزینەوەی کاردا دەرفەتی باشتریان هەبێت لە چاو دەرچوانی هەمان بەش لە زانکۆکانی تر.خوێندکاران بە هەردوو شێوەی پراکتیکی و تیۆری بابەتە زانستیەکانی تایبەت بە بواری کۆمپیوتەر وەردەگرن کە لە لایەن کۆمەڵێک مامۆستای سەرکەوتوو وە خاوەن بڕوانامەی ناوخۆی و نێودەوڵەتی پێیان دەدرێت.

*بەشی(IT):*

شێوازی خوێندن لەم بە شە بە هەردوو شێوەی توێری و پراکتیکی یە بە گرنگیەکی زیاتر بۆ شیوە پراکتیکیەکی کە بە تاقیگەی پێشکەوتوو وە موێتۆدی زانستی سەردەمیانە خوێندکار ڕادەهێنرێت لە پێناو پێگەیاندنی نەوەیەکی شارەزاو دەست و پەنجە ڕەنگین کە توانی پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی بازاڕیان هەبێت.

ئامانجی فەراهەمکردنی دەستی کاری زیاتر لە بواری تەکنەلۆجیای زانیاری  بۆ خزمەتی دامەزراوە گشتی و تایبەتەکان لە هەنگاوناندایە لە ڕێگەی پێشکەشکردنی پرۆگرامیێکی سەردەمیانە کە لە لایەن مامۆستای شارەزا و خاوەن ئەزموون لە بوارەکە جێ بە جێ دەکرێت.